# تورکمان. هەڵوێست سیاسەت

محمد عەلی عوزێری

تورکمان وەك زاراوە زۆر پێناسەو شیکردنەوەو بۆچوونی هەیە وەك داگیرکەرو جاش و وەگێڕو پاشماوەی گەلانی تر دەخوێندرێنەوە جاری وا بە لەهجەیەکی کلاسیکی کورد یا بە پێویستییەکی ئیداری ناوزەد دەکرێ و لە هەمان کاتدا بە جیاکەرەوەی نێوان دانیشتوانی شارو لادێ کورد خۆی دەخوێنێتەوە. کەواتە (تورکمان) بە زمان جارێ باس بۆ دەکرێ و بە نەتەوە جاری دووەم ئاڵای بۆ بەرز دەکرێ کەواتە زمانێك بێ نەتەوەو نەتەوەیەك زمانەکەی بە لەهجە و پێویست دەخوێندرێتەوە. ئاشکرایە کە هەر قەڵەمێك بە رەنگ و دەنگێك بەپێی پێویست نوکی قەڵەمی لەسەر لاپەرەکانی مێژوو دەخلیسکێنێ و لاپەڕەیەکی سپی مێژوو رەش دەکات و داگیری دەکات و بۆ ئاشنەبوون پێویستمان بە زیاترین پێناسە دەبێ لە جۆرەها نووسەری جیاجیاو فرە نەتەوە گوێمان لە زۆر ووشەو شوێنی بێگانە دەبێ. لەناو ووشەکان ناوی (تورکمان) کە لە پێناسەی (تورکمان) دا د. مستەفا جەواد دەڵێ بە ئیسلام بوونی خێڵەکانی تورك ووشەی (تورکمان) سەری هەڵدا کە لە ئاسیای ناوەڕاست نیشتەجێ بوون دوای تێکەڵ بوونیان لەگەڵ عەرەب دەڵێ ئەم ناوە لە (ترجمان) واتا وەرگێڕان وەرگیراوە کە گوایە لەدوای بە ئیسلام بوونیان کاری وەرگێڕانیان لەنێوان زمانی (تورك و عەرەب) کردووە تا لە رێگای کارپێکردنیەوە بووە بە (تورکمان) . نووسەری گەورە (گلود کاهین) لە کتێبی (ترکیا عیمانیه) بۆچونێکی تری هەیە لەمەڕ (تورکمان) دەڵێ ناوێکی لێکدراوە لە دوو ووشە (تورك) و (ئیمان) ە لە مانای پیاوە تورکمانە باوەڕدارەکان کەواتە ئەم بۆچوونە ئەوە دەسەلمێنێ کە (ئیسلام) هۆی سەرەکی سەرهەڵدانی ئەم ناوەیە. ناوی تورکمان لەگەڵ ئیسلام بوونی تورك سەری هەڵداوە بۆ ئەوەی ئیسلامی شارنشین لە لادێ نشین و کۆچەر جیا بکرێتەوە لەوانەی کەئیسلام نەبووبوون ئاشکرایە سەرچاوەی تورکمانی راستەقینە لە ئاسیای ناوەڕاستەوە هەڵدەقوڵێ کە ئەمڕۆ دووبەشن بەشێك دەکەوێتە یێن و ئەوی تر ئێستا کۆمارە سەربەخۆکانن و یەکێتی سۆڤیەتی پێ دەوترا کە وەکو (ترکمانستان ـ تاجیکستان ـ قیرقیزستان ـ اوزبکستان) مێژوونووسان بەو شێوەیە دەڕوانن کە نیشتەجێ بوونی تورکمان لە عێراق لە نیشتەجێ بوونی تورك لە ئانازۆڵ پێشترە و ساڵی (٥٤) ی کۆچی ساڵی بەکۆچکردن بەرەو عێراق دەژمێردرێت و ئاشکرایە ساڵی (٢١) کۆچی ساڵی ئیسلامی بوونی عێراقە کە لەم ساڵەوە ئیسلامبوونی دانیشتوانی دەستی پێکردوە لەدوای ئیسلام بونی عێراق کۆچی تورکمان دەستی پێکردووە وەك لە زۆر قەبیلەکانی یەمەن و دوورگەی عەرەبی کەباوەڕی هێنان بە ئیسلام هانی دان بۆ بڵاوبوونەوەیان لە ناوچەکەدا. ئیدی لە دوای ئەوەوە کە (عەبدوڵلا کوڕی زیاد) لە سەردەمی (ئەمەوییەکان) لە ساڵی ٥٤ کۆچیدا هێرشی بردە سەر (بخاری) و (بیگند) کە لە لایەن سوپای تورکەوە بەرهەڵستکارێکی زۆری کرابوو بە سەرکردایەتی خاتوو (قبچ خاتوون) کە بووە مایەی سەرسوڕمانی هێزی عەرەب لە چۆنیەتی بەرهەڵستکاریان و توندوتیژیان لە جەنگداو دواتر ئەوەبووە هۆی ئەوەی کە توانیان سوپایەکی تورك کە خۆی لە (٢٠٠٠) دووهەزار سەرباز دەدا بنێرن بۆ ناوچەی بەسرە بەم جۆرە (گبری) باس هاتنی تورکمان بۆ بەسرە دەکات. کۆچکردن بەرەو عێراق پەرەی سەند بە تایبەتی لە سەردەمی عەباسیەکاندا هەروەك چۆن لە سەردەمی ئەمەوییەکان جێی سەرسوڕمان بوون بە هەمان جۆر عەباسیەکان کە ناوبانگیان دەرکردبوو لە ئاسیای ناوەڕاست و ترکمانستان تا شۆڕشێك لە ئاستیان روویدا بە پشتگیری تورکمانەکان چ لە پێناوی پارەو سەرمایە بە گۆڕانگارییان وەك جیهادێك لەپێناو یەزدان ئەوەی پشتگیری خۆیان بۆ ئەهلی بەیت دووپات دەکرد بە بڕیاری خەلیفەی ئیسلام هەروەها ساڵی ١٣٨ کۆچی (فەیێل بن یحیی البرمکی) میری خۆراسان (٢٠٠٠٠) بیست هەزار سەربازی تورکمان بۆ عێراق نارد بۆ ئەوەی لە سوپای عەباسیەکان دەست بەکار بن، ئا بەم جۆرە روویان لە خاکی عێراق کرد کە لە دوایدا بووە هۆی مانەوەیان لە کوردستاندا بە هێڵێکی لاتەریب کە هێڵەکە ناوچەی کوردستان لە خالی عەرەب جیا دەکاتەوە کە هێڵێکی بازرگانی گرنگ و هەروەها ولایەتەکانی عوسمانی بەیەك دەلکاند و سەنتەری سەرکردەکانیان بەیەك دەگەیاند کە هەردەم ئەم هێڵە سەربازگاو

جێ و شوێنی حەسانەوەی سوپای تورکمان بووە، ئاشکرایە تورکمان زمانێکی تایبەتیان هەیە کە لە خێزانی زمانی (تورکە) و بە پیتی عەرەبی دەنووسرێ و دەکرێ بە زیادکردنی هەرسێ پیستی (گ، چ، پ) کە هەرسێ پیتی کوردین واتە نووسینەوە لە کوردی و عەرەبی وەرگیراوەو نووسینێکی تایبەت بە خۆیان نییە. ئالێرەدا بۆمان روون دەبێ کە تورکمان بە فتوحات روویان لە خاکی کوردستان کردووە و بەهێزی چەك ماونەتەوە و ئەوەی ئەمڕۆ پڕوپاگندەی بۆ دەکرێ و کاروپلانی جۆراوجۆری بۆ دادەڕێژرێ تەنانەت خەیاڵ و بۆچوونەکانیشیان شێواندنی راستی و مێژووە وەك ئەوەی بە نەخشەی ناوچەکانی تورکمان ناوی دەبەن کەواتە تورکمان خاوەن خاکیکی سەربەخۆ ئەو نییە بەڵکو هاوبەشە لەگەڵ ئەو نییەو ئەوەی ئێستا داوای دەکەن تەنها جێگاو خاك و شوێنی کوردە کە لە کاتی خۆیدا تورکمانیان تیادا بە میوانێکی بەڕێز راگرتووەو هەنووکەش هەمو جموجۆڵێکی سیاسیان لەژێر چەتری (١٥) حزب و بزووتنەوەو رێکخراوی جۆراوجۆر دەنوێنن جا چ ئەوەی چاکەی کورد دەداتەوە چ ئەوەی مێژووی دەشوینی، ئەمڕۆ سەرلە نوێ دووبارە دەکاتەوە کارو داوای مافی ناڕاست بۆ خەڵکی پشت سنور دەکات بەناوی (تورکمان) جا چ خۆی تورکمان یان خۆفرۆش بێ بۆ برێك دۆلارو کورسیەکی خوێناوی. کەواتە (تورکمان) ئەمڕۆ ئەگەر نەتەوە یا زمانە یا لەهجەیە سانا نییە بە هێڵێکی راست و چەپ مامەڵەی لەتەکدا بکرێ بەڵکو بە دلائیل مێژووی دەبێ بسەلمێنرێ نەك وەك، پێویستی ئیدارەو، پیاوی پشت سنوور، پشتکردن لە کوردو کێشەکەی هەر بۆیە بە خوێندنەوەیەکی نزیك شتێکی ئاڵۆزەو پێویستی بە دارِشتن و پێداچوونەوەیەکی بێ لایەنی هەیە تەنانەت پێویستی بە پێناسەیەکی (یەك) ماناش هەیە.

ئاشکراورۆنە کە رۆڵی تورکمان لە بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی و سیاسی خۆیدا رۆڵێکی سست و لاوازی بە خۆوە گرتووە هەردەم کارو چالاکییەکانی بێ پلان و ئایدۆلۆژیایێکی دارێژراو بەرێوە چووەو هەموو بزاڤێکیان بێ سەرکردە بووە یان سەرکردەکە خاوەن بیرۆکەی تایبەتی نەبووە بۆ سەرخستنی کارەکانی هەروەك هەڵوێستیان ئەم راستیە ئاشکرا دەکات لە کاتی دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق و هەڵبژاردنی میر فەیسەڵ و مەسەلەی موسڵ و کودەتایەکەی ١٩٥٨ و رووداوەکانی ساڵی ١٩٥٩ و رووداوی لیڤی و کودەتای ١٩٦٣ و کودەتایەکەی ١٩٦٨ و هەروەها لەکاتی ودەست هێنانی مافەکانیان کە بە ژمارە ٨٣ لە ١٩٧٠ پێیان بەخشرا هەروەها لەشەڕی ١٩٨٠ی کەنداو راپەڕینی ١٩٩١دا ئەمانە هەموو بەڵگەو مێژوون بۆ لاوازی ئایدولۆژیاو سەرکردەکانیان و بێ پانتایی سیاسەتی تورکمان دەنوێنێ. هەروەها ئەمانە هەموو بەڵگەی ئەوەن کە هەردەم خۆیان لەوە بەلاوازتر دەزانن داوای مافی خۆیان بکەن و حوکم رانیەتی خۆیان بکەن بەبێ (وێایە) ی هیچ کەسێك یان لایەنێك. ئاشکرایە تا ئەمڕۆ سجلی خەباتیان هیچ شۆڕشێك یان راپەڕینێکی تۆمار نەکردووە کە تیایدا داوای (ماف) بکەن ئەوەی کراوە تەنها بۆ کەسانی ترو دەوڵەتانی تر بووە بە پەیڕەوکردنی دروشمی (دوژمنی دوژمنم. . . دۆستمە) وەك ئەوەی لە نێوان عوسمانی و سەفەویەکان تورکمان پێی هەڵدەستان و هەروەها دژایەتی کردنی سەربەخۆیی ولایەتی موسڵ و داواکردنی بە گەڕانەوەی بۆ تورکیا و دژ وەستان لە هەڵبژاردنی میر فەیسەڵ بۆ ئەوەی (تورکێك) ببێ بە شای عێراق هەروەها دژایەتی ( عبدالکریم قاسم) بۆ ئەوەی (شاژن) ی تورك بمێنێ و پشتیوانی شۆڕشی (بەعس) بەرامبەر بە قاسم هەروەها بێ دەسەڵاتی و لاوازی لە رووداوەکانی تری هەتا دوای راپەڕین. ئەم خوێندنەوە خێرایە (تەبعیەتی) تورکمان ئاشکرا دەکات هەروەها دەیسەلمێنێ کە تورکمان تا ئەمڕۆ هیچیان نەکردووە تەنها کاریان بۆ مانەوە بووە ئینجا چۆن و بەچی؟ ئەمە کاروپلانی زۆری بۆ نەکێشراوە هەروەك هەڵبژاردنی میری یەکەمی (عێراق) کراو هەڵوێستیان بەرامبەر بەم کارە زۆر شل و شۆق بوو کە لەو کاتەدا بوو ئینگلیز لەدوای میرێك بۆ عێراق دەگەڕا کە پیاوێکی گونجاو بۆ بارودۆخی عێراق کە لەگەڵ پێکهاتەی بگونجێنێ کە خۆی لەڕووی نەتەوەییە (کوردو عەرەب و تورکمان) بخوێنێتەوە هەروەها لەرووی ئایین (ئیسلام مەسیح مەزهەب (سوننی و شیعە) بەڵام تورکمان وەك هەموو هەڵوێستەکان (میر بورهان الدین کوڕی عبدالحمیدی دووەم) ی عوسمانییان پاڵاوت بۆ ئەم کۆشکە و زۆر کاریان بۆ کرد چ لە ڕووی دارایی یا پروپاگەندە کردن بۆ سەرکەوتنی ئەوە بوو میر

فەیسەل ڕێژەی ٩٦٪ بەدەست هێنا لە ریفراندۆمەکەی هەڵبژاردن و لە ١٩٢٤/٤/٥ دا بۆ یەکەمجار ئاڵای عێراق لە کەرکوك بەرز کرایەوە بەم کارە دژایەتی خۆیان بەرامبەر میری عێراق ئاشکرا کرد بۆ رازی کردنی تورکیا هەر بۆ وەڵامی ئەم رەفتارانە میر فەیسەل داوای لە تاکە وەزیری تورکمانی (عیزەت پاشای کەرکوکلی) کرد خۆیی و چوار وەزیری تر دەست لەکار بکێشنەوەو لە رۆژی ١٩٢٤/٤/٢٤ دەستیان لەکار کێشایەوە جارێکی تر هەڵوێستی تورکمان لە مەسەلی ولایەتی موسڵ لەوەی پێشتر چاکتر و ئاقڵانەتر نەبوو هەروەك ئاشکرایە ئەم مەسەلەیە گیروگرفتێکی زۆر ئاڵۆزی بەخۆوە گرتبوو پاش داواکاری تورکیا بە گەڕاندنەوەی بۆ خۆی کە ئەوکات تورکیا بە دروشمی نوێ خۆیداپۆشتبوو بەناوی کۆماری تورکیا، کۆمەڵەی گەلان لیژنەیەکی ئامادە کرد بۆ لێکۆڵینەوە بۆ ئەوەی بڕیاری ریفراندۆمێکی سەرانسەری ئەم ولایەتە بدرێ لێرەش رۆڵی تورکمان جارێکی تر شکستی خوارد لای لاوازی گرت و جارێکی تر هیچ بۆ هەڵوێست و داواکارییەکانی نەکرا زۆرینەی دەنگ بە لکاندنی ولایەتی موسڵ بە عێراقەوە پەسند کرا لە رۆژی ١٩٢٥/١٢/١٦ دا ئەم بڕیارە جێبەجێ کرا. ئەم شکستە بووە مایەی دور کەوتنەوەیان بۆ ماوەیەکی تر لە گۆڕەپانی سیاسی دا. بە تایبەتی لەدوای پتەوبوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق تا ساڵی ١٩٥٨و رۆژی کوردەتایەکەی عبدالكريم قاسم دژ بە رژێمی پاشایەتی لەم کاتە بزاڤی سیاسی تورکمان بێ بەش بوو لەم کارەدا بەڵکو دژی ئەم شۆڕشە وەستان بە تایبەتی جەنەرالی (تورکمان) عمر علی فەرماندەی تیپی ١ دیوانیە کە بڕیاری بەرپەرچی کودەتایەکەی داو داوای لە سەربازەکانی کرد بەرگری لە رژێمی پاشایەتی بکەن؟! تا درا بە دادگای گەل و لە ١٩٥٩/٤/٦ بڕیاری ئیعدامی بۆ درا بەڵام دوایی کرا بە ئەشغالی سەختی هەمیشەیی و هۆی ئەم بەرگریە لە رژێمی پاشایەتی لە دەست دانی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق بوو و دژ بە دروشمی ریفۆرمی کشتوکاڵ و سۆسیالیزم و لەدەست دانی (شاژنێکی) تورك. لە شا فەیسەلی دووەمەوە جارێکی تر لاوازی هەست و ناواقیعیانەی تورکمانیان دووبارە کردەوە و لەسەر هەڵوێستی دوژمنایەتی قاسم بەردەوام بوون بە تایبەتی لەدوای رووداوەکانی ٧/١٤/ ١٩٥٩ خوێناوی کە تیایدا بڕیاری لە سێدارەدانی (٢٧) کورد و (١) تورکمان درا تا رۆژی ١٩٦٣/٢/٨ کە ناسیونالیستی بەعسیەکان کودەتایەکیان کردە سەر رژێمی قاسم و لە لایەنی تورکمانەکان پێشوازێکی زۆر گەرمیان لێ کراو بۆ ئەوەی بسەلمێنن ئەم جارە دژی (قاسم) ن بە کۆمەڵ روویان کردە میلیشیەکانی (حەرەس قەومی) هەربۆیە حکومەتی ئەو کات بڕیاری لەسێدارەدانی جێبەجێ کرد کە لە ١٩٥٩ بڕیاری بۆ درابوو لەنێو زەماوەندی کۆمەڵێك لە تورکمان لە گۆڕەپانی شاردا لە کەرکوك و هەردەم هانی جیاکردنەوەی تورکمان و کوردیان دەداو بە تایبەتی لەدوای داگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە کوردستانی عێراقدا. ئەمە هاوکات لە کودەتایەکەی ساڵی ١٩٦٨ دا تورکمان گۆڕانکارێکی زۆری بەسەر سیاسەتی خۆی نەکرد لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش و دەست پێ کردنی گفتوگۆیەك لە داواکاریەکانی سەرکردەی کورد مەلا مستەفا نەمر مافەکانی تورکمان بوو و بۆیانی بەدەست هێنا بە بڕیرای ٨٩ لە ١٩٧٠/١/٢٤ پێش ئیعلان کردنی بڕیاری ئادار ١٩٧٠ ئەوەش بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە هەردەم داوای ماڤی کەمە نەتەوەکانی دەوروبەری خۆی لەگەڵ مافەکانی کورد دەکات و لە دوایدا و لە ساڵانی ١٩٨٠ و شەڕی کەنداو هیچ هەڵوێستێکی سیاسی و بەرهەڵستکاری نەنواند و هەتا شەڕی کەنداوی دووەم و راپەڕینی کورد هەردەم بێ دەنگ و چاوەڕوان بوون تاکو کوردستان رزگارکراو پرۆەی دیموکراسی تیایدا پەیڕەو کرا لەژێر ئاڵای پەرلەمان و حکومەتی کوردستان ئەمانە هەموو ئەوە دەچەسپێنن کە ئەقلیەتی سیاسی تورکمان (تەبەعی) بووە نەك خەبات و هەوڵ بۆ ماڤی سیاسی خۆی کردووە.

Uzere1971@yahoo.com